# زمانەکەت هێندە دەوڵەمەندە، بەکارهێنانی وشەی بێگانە بۆ؟

سەربەست قادر
(دەربەندیخان)

لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی هەیە و دەژی، زمان ئامراز و هۆکاری لێک تێگەیشتن و کاربەڕێکردن و نزیک بوونەوە و بەیەک گەیشتنە، مرۆڤ و زمان دووانەیەکی لێکدانەبڕاو و تەواوکەری یەکترن وەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە ئاو و هەوا و خۆراک هەیە بۆ ژیان و بەڕێوەچوونی گوزەرانی، ئاوەهاش بەبێ زمان ژیانی سەختە و بەڕێوەناچێ،پێچەوانەکەشی ڕاستە و زمان بەبێ مرۆڤ و بەکارهێنەر لەناودەچێت و هیچ بەهایەکی نییە.

گریمانە و بیردۆز زۆرن باس لەسەرەتای سەرهەڵدانی زمان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی دەکەن، بەڵام لە هیچ کام لەو بیردۆز و گریمانانەدا نەسەلمێنراوە کە ئایا مرۆڤ سەرەتا بەچ زمانێک قسەی کردووە؟

ئایا ئەو زمانەی مرۆڤ قسەی پێ کردووە، پاش زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ و دانیشتوانی سەرزەوی چۆن بوو کە بوو بەم هەموو زمانە زۆر و لێک جیاوازەی ئێستا هەن؟

ئایا ئەو هەموو زمانە لێک جیاوازەی ئێستا هەن، هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە هەبوون؟ یان لەگەڵ پێشکەوتن و زیادبوون و بڵاوبوونەوە و لێکدابڕانی مرۆڤ و دانیشتوانی سەرزەوی لەبەر پێویستی دروست بوون؟

ئەمانە و چەندان پرسیاری تر تا ئێستا نە مێژوو، نەزانستی سەردەم نەیتوانیوە وەڵامێکی دروستیان بداتەوە.

وەک دەردەکەوێت سەرەتا مرۆڤ قسەی کردووە و زمان لە چوارچێوەی دەربڕیندا ماوەتەوە تا ئەوکاتەی مرۆڤ بیری لە داهێنانی نووسین کردووەتەوە بۆ پاراستنی ئەوەی کە دەیلێت، یان ئەوەی کە بەلایەوە گرنگە و باش وایە یاداشت بکرێت و بمێنێتەوە.

بەتێپەڕبوونی کات و پاش زیادبوونی ژمارەی

دانیشتوان و لەبەر پێویستی ژیان و گوزەران، دیارە هەر تاقم و کۆمەڵە مرۆڤێک ڕوویان لە ناوچەیەک کردووە کە بتوانن تێیدا بژین و گوزەرانی خۆیانی تێدا دابین بکەن و خۆیانی تێدا بپارێزن.

لەگەڵ ئەم لێک ترازان و لێک دوورکەوتنەوەیەدا زمانی هەریەک لەم تاقم و کۆمەڵانە تایبەتمەندی و خاسیەتی تایبەت بەو ناوچە و سروشت و بارودۆخەی وەرگرتووە و بووە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو کۆمەڵەیە و هەریەک لەو کۆمەڵانە دوای لێک دوورکەوتنەوەیان، شتی نوێیان دۆزیوەتەوە و کاری نوێیان کردووە و بەرهەم و دەستکەوتی نوێیان دەست خستووە و هەریەک لەم بوارانەش ناو و پەیڤ و وشەی نوێیان خستووەتەسەر زمانەکەیان و ئەم کۆمەڵە نوێیە لە وشەش لە کۆمەڵەکانی تر جیای کردوونەتەوە و هۆکاربووە بۆ فراوانبوونی زمانەکە و زیادبوونی کەرەستە زمانییەکان بۆ هەرکام لەکۆمەڵەکانی تریش ئەمە ڕاستە.

ئەم پێشکەوتنەش وای کردووە وردەوردە زمانە سەرەکییەکە کە دەکاتە دایکی هەموو زمانەکان، ببێتە چەند زار و شێوەزارێک و هەریەک لەم زار و شێوەزارانەش بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەمەکان بوونەتە زمانی سەربەخۆ و دواتر هەریەک لەم زمانانەش بوونەتە خاوەنی زار و شێوەزاری تر.

بە جۆرێک هەریەک لەم زمانانە هێندە لە دایکە زمانەکەوە دوورکەوتوونەتەوە کە جگە لە چەند لێکچوونێکی وشەیی، یان واتایی، یان هەندێک یاسا، هیچ پێوەندییەکی تریان پێکەوە نەماوە، ئەمەش بەئاشکرا لەناو سەرجەم زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت و هەموو زمانەکان خاوەن هاوبەشین، جا گرنگ نییە ئەو هاوبەشییە لەچ ئاستێکی زمانەکەدا بێت.

جگە لە بوونی هاوبەشی لەنێوان زمانەکاندا، هەندێ وشەش لەڕێگەی هاوردەکردنی کەرەستە، یان ئامێرێک، یان هەرشتێکی ترەوە دێنە ناوزمانەکەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ئاخێوەرانی زمانەکە، یان وشەیەکی نوێ دروست بکەن بۆ ئەو کەرەستە و ئامێرانەی هاوردەی دەکەن کە لەگەڵ کەرەستەکەدا بگونجێت و کێشەی واتاییش دروست نەکات، یان دەبێ سوود لەو وشەیە وەربگیرێت کە ناوی کەرەستەکەیە و لەگەڵ هاوردەکردنیدا هاتووەتە ناو زمانەکەوە، بەدەستکاری کردنی و دروستکردنی وشەیەکی نوێی گونجاو، یان بێ دەستکاری ناو، یان وشەکە دێتە ناو زمانەکە و بەم شێوەیە جێگیر دەبێت، ئەمەش دیاردەیەکە لەهەموو زمانەکاندا بەدی دەکرێت و چەندان وشەش بەم بۆنەیەوە مۆرکێکی جیهانییان وەرگرتووە و هەمان وشە لەزۆر زماندا بەهەمان ئەرک و مانا بەکاردەهێنرێت.

ڕەنگە بوترێت زار و شێوەزارەکانی زمانێک، چۆن دەکرێت هێندە لێک دووربکەونەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەریەکەیان ببنە زمانێکی سەربەخۆ و هەریەک لەو زمانانەش ببنە خاوەنی چەندان زار و شێوەزار؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر دوورناچین و لەناو زمانی کوردیدا بەشوێن وەڵامەکەیدا دەگەڕێین.

ئەگەر تەماشایەکی زارەکانی زمانی کوردی بکەین، ژمارەیان چوار زاری سەرەکییە و هەریەکەشیان خاوەن چەند شێوە و بنەزارێکن، هەریەک لەم شێوانەش، دەتوانین زیاتر وردیان بکەینەوە بۆ ناوچە و شارەکان، لای هەمووانیش ئاشکرایە شێوازی قسەکردنی هەر ناوچە و شارێک برێک لە ناوچە و شارەکانی ترجیاوازە و هەریەکەیان بووەتە خاوەن کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی، ئەمە وای کردووە کاتێک دووکەس پێکەوە قسەدەکەن، تەنیا لە ڕێگەی دەربڕین و گۆکردنی هەندێ وشە و دەستەواژەوە کەسی بەرانبەر دەزانێت قسەکەر خەڵکی چ ناوچەیەکە.

جا ئەم جیاوازییە تا ئاستی خواری خوارەوەش دەچێت، بەجۆرێک ئەگەر تەماشای هەر گوند و لادێیەکیش بکەین، بەتایبەت ئەگەر کەسێک زۆر بگەڕێت و تێکەڵی خەڵکی گوندەکان ببێت، بۆی دەردەکەوێت هەر گوندێکیش چەند جیاوازییەکی هەیە و لەوانی تری جیادەکاتەوە، ئەم جیاوازییەش سەرجەم ئاستەکانی دەنگ و وشە و ڕستە، تەنانەت یاساکانی دروستکردنی ڕستەشی گرتووەتەوە، بەڵام لەم شێوازە ناوچەیی و داخراوانەدا، جیاوازییەکان سنووردارن و ناگەنە ئاستی ئەوەی مامەڵەی زارێکی سەربەخۆیان لەگەڵ بکرێت و بەپێی دوور و نزیکی لەچەقی زارەسەرەکییەکەوە جیاوازییەکان دەگۆڕێن.

کاتێک کەسێکی خاوەن سەلیقە و شارەزای زمانەوانی، گوێ لە ئاخێوەرێکی لادێیی دەگرێت و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، دەزانێت شێوەی قسەکردن و دەربڕین و وشە و ڕستەی ناوچە دوورەدەستەکان و گوند و ناوچە شاخاوییەکان چەندە پاک و بێ گرێوگۆڵن و چەندە دوورن لەو هەموو شێواوی و ژێرکاریگەری کەوتنەی ناوشارەکان، ئەمەش بەهۆی کاریگەری ڕاگەیاندنەکان چ

بینراو و بیسراو، یان نووسراو بێت، یان پێشکەوتنی زانست و داهێنان و دۆزینەوەی ئەو هەموو توخم و مادده و شتە نوێیانەوە.

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە ئێستا بەرەو پێش چوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە،ساڵانە چەندان کتێبی لەبارەوە دەنووسرێت و بەدەیان توێژینەوەی زانستی لەسەردەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، جگە لەو دەیان کتێبەی بەم زمانە دەنووسرێن، یان وەردەگێردرێتەسەری.

زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تر لەناوچەکەدا ساڵانێکی زۆر لەژێر کاریگەری زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی قورئان و زمانی فارسیش زمانی ئەدەب و شیعر بووە، ئەم ژێر کاریگەری کەوتنەش بەرادەیەک گەیشتبوو کە لای زۆرێک لە شارەزایان و نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، نووسین بەزمانی کوردی عەیبە و نەنگی بووە.

لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا خوێندن لە حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکاندا بووە، لەو ناوەندانەشدا بەگشتی خوێندن بە زمانی عەرەبی و فارسی بووە، بۆیە کاریگەری ئەم دوو زمانە زەقترە و رەواجی زیاتریان پێ دراوە.

بەم هۆیانەو چەند هۆکارێکی تری وەک نزیکی سنوور و داگیرکاری و تێکەڵاوی و هاتوچۆی هاوولاتیانی خاوەن ئەم زمانانە بۆ وڵاتی یەکتری...تاد زمانی کوردی تا ئەوپەڕی لاوازبوون چووە و زمانی نەتەوە دراوسێکان لەئاستێکی باڵادا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

دواتر و پاش ئەو شۆڕشە نوێگەرییەی بەتایبەت لەبواری ئەدەبدا و زیاتر لەبوارەکانی تر سەری هەڵداوە کە زمانیش بێ بەش نەبووە لەم نوێ بوونەوە و پاککردنەوەیە لە ڕستە و وشە و دەستەواژەی بێگانە،ئەم کردەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیر و ڕۆشنبیری کورد بەردەوام بوو تا گەیشتە ئاستێک زمانی کوردی لەماوەیەکی کەمدا، توانرا زۆر کۆت و بەندی لێ بکرێتەوە و شانبەشانی زمانەکانی دراوسێ بە پلەیەکی بەرزی خاوێن بوونەوە بگات، بگرە لەزمانی فارسی و تورکی زیاتر خۆی لە تەپوتۆزی ئەو ژێرکاریگەری کەوتنە تەکاند و گەڕایەوە سەر ڕێچکەی بەکارهێنانی وشە و ڕستەی ڕەسەنی کوردی.

ئەمە بەو مانایە نییە پاش ئەو شۆڕشە نوێگەرییە، ئیدی هیچ لێک چوون و هاوبەشییەک لەنێوان ئەم زمانانەدا نەماوە، چونکە هەندێک وشە و دەستەواژە، بگرە یاسای ڕێزمانیش لە زۆرێک لە زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن و هەموو زمانەکان خۆیان بەخاوەنی دەزانن، ئەم هاوبەشییەش پێوەندی بەژێر کاریگەری یەکترکەوتن نییە، بەڵکو بۆ ئەو کاتانە دەگەڕێتەوە کە ئەم زمانانە لەسەرەتادا هەموویان زار و شێوەزاری یەک زمان بوون و هێشتا هەریەکەیان نەبووبوونە زمانی سەربەخۆ و بەتەواوی لێک دانەبڕابوون، ئەم هاوبەشی و لێکچوونە لە سنووری دراوسێ زمانی دەرچووە، بەرادەیەک کیشوەرەکانیشی بڕیوە و بەزۆرێک لەزمانەکانی جیهاندا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش دەکرێ بەبەڵگەی ئەوە دابنرێت کە ئەم زمانانە با ئێستا لەیەکیش دووربن، بەڵام ڕۆژگارێک هەموویان لەبنەچەدا یەک بوون و هاوبەشی و نزیکییان زۆر لە ئێستا زیاتر بووە، بۆ نموونە چەندان وشەی هاوبەش لەنێوان زمانە ئەوروپییەکان و زمانی کوردیدا هەیە کە ئەم زمانانە گەلێک لەیەک دوورن و ناکەونەژێر کاریگەری یەکتر، بەڵکو ئەم هاوبەشییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم زمانانە سەر بە خێزانی زمانە هیندوئەورووپییەکانن.

ئەگەر زمانی کوردی بە نموونە وەربگرین، وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، خاوەنی چوار زاری سەرەکی و سەربەخۆیە، هەریەکە لەم زارانە هێندە لێک دوورکەوتوونەتەوە، دەکرێ وەک زمانێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەجۆرێک بەکارهێنی هەریەکەیان لەوی تریان ناگات، ئەمە جگە لەو دەیان جیاوازییەی لەئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتادا هەیە.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر بابەتی سەرەکی کە مەبەستمانە، وەک باسمان کرد دوای ئەو نوێگەرییەی لە ئەدەبی کوردیدا کرا و زمانیشی لێ بێ بەش نەبوو کە توانرا لەزۆرترین وشە و دەستەواژە و ڕستەی بێگانە پاک بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم پاکسازی و خۆماڵی کردنەی زمانی کوردی زۆری نەخایاند و جارێکی تر و پاش ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە سەرجەم بوارە جیاجیاکاندا کرا و ئەو هەموو داهێنان و دۆزینەوە نوێیانە و پێشکەوتنی بوارەکانی پزیشکی و سیاسەت و...تاد بوونە بەرهەم هێنەری دەیان و سەدان ئامێر و ئامراز و توخم و کەلوپەل و بابەتی نوێ و بۆ هەریەک لەمانەش وشە و ناوی نوێ هێنرانە ناو زمانەوە.

لە ماوەیەکی کەم و چاوەڕوان نەکراودا، ئەم هەموو

وشە و دەستەواژە نوێیە بەناو زمانە جیاجیاکانی جیهاندا بڵاوبووەوە و هەر زمانە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی پشکی بەرکەوت و کەموزۆر لەسەرجەم زمانەکاندا جێگیربوون، بەڵام لە زۆر زماندا خەمخۆرانی زمانەکە توانیویانە وشە و دەستەواژەی گونجاو بۆ ئەو بابەتانە دابنێن، جا ئەم دانانە بەسوود وەرگرتن لە وشەکە خۆی بێت، یان بەوەرگێڕانی بۆ سەر زمانە نوێیەکە، یان دانانی وشەی تر کە هی زمانەکە بێت و لەڕووی واتایی و ناوەڕۆکەوە بۆ بابەتەکە گونجاوبێت، بەڵام ئەمە هەموو زمانەکانی نەگرتەوە و هەندێک زمان وەک کاڵایەکی هاوردە و بێ هیچ پشکنین و لێکۆڵینەوەیەک مامەڵەیان لەگەڵ ئەم هەموو وشە و دەستەواژە نوێیانەدا کرد و بەبێ گوێ دانە هیچ بەهایەکی زمانی و بیرکردنەوە لە ماکە خراپەکانی ئەم هاوردەکردنە، دەرگایان بەڕوودا واڵاکرد و بە بێ بیرکردنەوە لەگونجان و نەگونجان کەوتنە بەکارهێنان و مامەڵە کردن بەم وشە و دەستەواژە نوێیانەوە، لەنموونەی ئەو زمانانەش زمانی کوردییە، بەداخەوە دوو هۆکاری زۆر سەرەکی ڕێخۆشکەربوون بۆ دروست بوونی ئەم گرفتە ئەوانیش:

– هەست بەکەم کردنی تاک بەتایبەت لەڕووی زمانەوە بەرانبەر بە زمانە جیهانییەکانی وەک زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

– خۆ نواندن و خۆدەرخستنی بەشێکی زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت بەرپرس و ڕۆشنبیر و نووسەران لەکاتی قسەکردندا بە بەکارهێنانی دەیان دەستەواژە و وشەی بیانی کە زۆربەیان گوێگر و خوێنەر بەهیچ شێوەیەک لێیان تێناگەن.

لێرەدا دەکرێ بپرسین ئایا زمانەکەی خۆمان هێندە هەژار و کەم دەستە کە نەتوانێت لەکاتی قسەکردندا خۆی لەقەرەی زمانی خۆ بەڕۆشنبیرزانێک بدات؟ یان ئەو شێوازی قسەکردنەی ئەو بەشێکە لە ڕۆشنبیری و دنیابینی و کرانەوە بەڕووی جیهانی نوێدا؟

یەکێک لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی شیعری کلاسیک دەبێتەوە، ئەوەیە هەموو کەس توانایی تێگەیشتنی ئەو شیعرانەی نییە و ئەو شیعرانە بۆ دەستەبژێرێک لە خوێندەواران و شارەزایانی ئەو سەردەمە نووسراون و تا ئێستاش نهێنی و ڕەمزی هەندێک لەو شیعرانە بەلای خوێنەرەوە ئاشکرانین و ڕازەکانیان بەشاراوەیی ماونەتەوە.

لێرەدا بیر بۆ ئەوە دەچێت کە ئایا پێش هاتنی ئەو لێشاوە لە وشە و دەستەواژەی بیانی بۆ ناو زمانەکەمان، چی لەجێیان بەکاردەهات؟ بەتایبەت کاتێک کەسێک باسی لە یەکێک لەو زانستانە، یان بابەتێکی پەیوەست بەو زانستانە دەکرد.

ئایا زمانەکەمان هێندە کۆڵەوارە، ڕۆشنبیر و نەوەی نوێی وڵاتەکەمان نەتوانن بەدوور لەبەکارهێنانی ئەو دەیان وشە و دەستەواژە بیانییە وتارێک بدەن، یان بنووسن؟ کە تەواوی ئەوانەی گوێ بیستی دەبن، یان دەیخوێننەوە بەئاسانی لێی تێبگەن و تووشی گرفتی واتایی نەبن، چونکە تێنەگەیشتن لە هەریەک لەو دەستەواژانە، هۆکارە بۆ دروست بوونی بۆشایی و مراندنی چێژی ئەو نووسراوە جگە لە لێکدانەوەی بەهەڵە و کەموکوورِی زانستی، ڕەنگە سەیرنەبێت بەلای کەسەوە کاتێک خوێنەرێکی کوردی زمان کتێبێکی بەکوردی نووسراو، یان وەرگێڕدراو دەخوێنێتەوە ڕێی لە زیاتر لە وشە و دەستەواژەی مانا نادیار بکەوێت کە ئەمە ناچاری دەکات پێش دەست بەخوێندنەوە کردن واتای ئەو دەستەواژانە لەبەربکات، یان لەکاتی خوێندنەوەیاندا لەڕێگەی فەرهەنگەکانەوە بەشوێن واتاکانیاندا بگەڕێت، کە ئەمەش زۆر لەچێژی خوێندنەوە کەم دەکاتەوە و خوێنەر تووشی بەلاڕێدا چوونی واتایی دەبات، ئەمە جگە لە گرفتێکی تر کە هەندێک لەم دەستەواژانە کاتێک بەزمانێکی تر مانادەکرێن، ڕەنگە واتای دەقاودەقی خۆیان بۆ نەدۆزرێتەوە، یان زیاتر لە واتایەک ببەخشن، یان لێڵی لەواتاکانیاندا دروست بێت.

بەداخەوە ئەم ژمارە زۆرەی وشە و دەستەواژەی بیانی ئەوکاتەی ڕوویان کردە زمانەکەمان، بەئاسانی و بێ هیچ بەربەستێک خزانە ناو زمانەکەوە و بەتەواوی لایەن و ئاستەکانی زمانەکەدا بڵاوبوونەوە بێ وەرگێڕان، یان دانانی وشەی کوردی گونجاو بۆیان، تەنیا بەگۆڕینی ڕێنووسەکانیان بە ڕێنووسی کوردی بوونە بەشێک لەزمانەکە و ئاخێوەرانی زمانیش بێ بیرکردنەوە و گوێ دانە ئەو گرفتانەی بەدوایاندا دێن کەوتنە بەکارهێنانیان، ئەمە لەکاتێکدا زۆر ئاخێوەری زمانی کوردی ڕۆژانە هەندێک لەم دەستەواژانە بەکاردەهێنن بێ ئەوەی ماناکەیان بزانن، تەنیا بەبیستنی لەبەری کردوون و کوێرانە کەوتوونەتە بەکارهێنانیان.

گرفتی لەمانە خراپتر بە کولتوورکردنی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانەیە لەلایەن زۆربەی نوسەران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە کە ئەمە بۆ خۆی لاوازی زمانەکە و بێ متمانەیی

ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە دەردەخات بەرانبەر بەزمانەکەی خۆیان، لەکاتێکدا زمانی کوردی هیچی لەزمانەکانی تری جیهان کەمتر نییە، بگرە لەزۆریان پێشکەوتووتر و تەواوترە و لەدەیان کەموکورتی ڕێنووس و دەربڕین و دیاردەی وشەسازی و ڕستە و واتاسازی بە دوورە، لەکاتێکدا زۆربەی زمانە جیهانییە بڵاوەکان پێوەی دەناڵێنن و بۆشیان چارەسەر ناکرێت، بۆ نموونە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و چینی.

گرفتێکی تر جگە لەمەی کە باسمان کرد، دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی زمانەکەمانە لەلایەن ئەو دەستەواژە و وشەنوێ و بیانییانەوە وەک چۆن بازاڕی کاڵا و شتومەکمان بەتەواوی لەلایەن دراوسێ و وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە و بەتەواوی قۆرغ کراون و بوونەتە هۆکاری پاشەکشەی بەرهەمی ناوخۆ و بەزایەچوونی سامانی ناوخۆ و بێ سوود مانەوەی زەویوزار و سروشت و ئاو و هەوای ناوچەکەمان، بەهەمان شێوەش بازاڕی زمانەمان بەو هۆکارەوە خەریکە وردەوردە دەست بەپاشەکشە دەکات و لەلایەن زمانە بیانییەکانەوە قۆرغ دەکرێت و دەستی بەسەردا دەگیرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەم هاوردەکردنە هیچ لەبەرژەوەندی زمانەکەماندا نییە و هۆکارێک نییە بۆ بەرەوپێش چوون و فراوان بوونی زمانەکەمان تا پێشوازی لێ بکەین و چاوی لێ بنووقێنین.

وەک باسمان کرد، هیچ زمانێک نییە لەسەر گۆی زەوی بەتەواوی لە زمانەکانی تر دابڕابێت و لەگەڵیاندا خاوەنی هەندێ وشەی هاوبەش نەبێت، یان هەندێ وشەی لێ وەرنەگرتبن، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین هەموو زمانەکان ئەو وشانە وەردەگرن کە دەتوانرێت لەگەڵ یاساکانی زمانەکەدا بگونجێن و نەبنە گرفت بۆ بەکارهێنەرانی، بەمەش ئەو وشانە بەجۆرێک شەقڵی زمانەکە وەردەگرن کە بە تەواوی لەناویدا دەتوێنەوە، ئەگەر کەسێک شارەزای زمانەکە نەبێت، نازانێت کە ئەو وشانە لەزمانی ترەوە وەرگیراون.

ئەم دیاردەیەش لەزمانی کوردیدا وەک هەر زمانێکی تر بەڕوونی بەرچاودەکەوێت، بەڵام ئەوەی جێی داخ و سەرنجە ئەو هەموو وشە و دەستەواژە گەورە و گرانەن کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دێنە ناو زمانەکە و پانتاییەکی فراوانی لێ داگیر دەکەن، بێ ئەوەی هیچ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی بگرنە خۆیان، بۆیە جێی خۆیەتی تاکی کورد زمان لەجێگەی ئەوەی پەنا بۆ ئەو وشە و دەستەواژە بیانیانە ببات، بگەڕێتەوە سەر کانگا و سەرچاوەی سروشتی زمانەکەی خۆی و لەناو زار و شێوەزارەکانی خۆیدا بەشوێن وشە و دەستەواژەی گونجاودا بگەڕێت و زمانەکەی پێ تۆکمە و پڕشنگداربکات و هەر کەلێن و قوژبنێک شک دەبات، بە وشەی ڕەسەنی کوردی پڕی بکاتەوە کە ئەمە خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە بۆ فراوان بوون و یەکگرتوویی ناوخۆیی زیاتری زمانەکە و هۆکارێکیشە بۆ زیاتر لێک نزیک بوونەوە و تێکەڵاوبوونی تاکەکانی هەریەک لەو زار و شێوەزارانە ،ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ لێک تێگەیشتنی گشتی لەنێوان هەموو زار و شێوەزارەکاندا کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هاتنەکایەی زمانێکی گشتگیر لەنێوان سەرجەم بەکارهێنەرانی زمانەکەدا و باشترین بژاردەشە بۆ بەدی هاتنی زمانی ستاندارد.

لەگەڵ ئەوەی هەندێک لەو دەستەواژانە تایبەتمەندییەکی جیهانییان وەرگرتووە و سنورەکان نەبوون بەرێگر لەبەردەمیاندا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ڕەوایی بەهەموویان بدرێت، چونکە جێگیربوون و بەکارهێنانی هەریەک لەوانە، واتە جێ لێژبوونی وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکە و سڕینەوەی لە فەرهەنگی زمانەکەدا، وەک دەبینین دەیان و سەدان وشەی ڕەسەن و کۆنی کوردی بەتەواوی پەراوێز خراون و لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەکەوە بەتایبەت نەوەی نوێ و ناشارەزا لە زمانی ڕەسەنی کوردی،بۆیە ئەم وشانە تەنیا لای ئەوانە ماون کە تەمەنیان هەڵکشاوە، یان لەناوچە دوورەدەستەکانن و کاریگەری ئەم هاوردەکردنە بێ سەروبەرەی وشە و دەستەواژەی بیانی نەکەوتووەتە سەریان، بەمەش بە نەمان و ئاوابوونی خۆری تەمەنی ئەو کەسانە، فەرهەنگی وشەی کوردی لەو سامانە پڕ بەها و ڕەسەنە بێ بەش دەبێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی داوا بکەم هەرچی زووتر دامودەزگاکانی پێوەندیدار بەم بابەتە و سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکان و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و تەواوی سەنتەرەکانی گەشەپێدان و ئەکادیمیای کوردی کار بۆ زیندوو مانەوە و پاککردنەوەی زمانی کوردی بکەن، پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و خاوێنی کوردی ببەن و هەر نووسەر و ڕۆشنبیرێک لەلای خۆیەوە کە وتارێک، یان کتێبێک دەنووسێت، یان کۆڕێک سازدەکات تەنیا خۆی لەبەکارهێنانی دەستەواژەی بیانی بپارێزێت، بەشێوەیەکی سروشتی زمانەکە لەخڵتە و وشەی نارەسەن پاک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر بنەچەی خۆی.